# سەلاح نەجمەدین: بەرپرسان لە هێنانی مۆسیقای یۆنانی و میسری بە تۆمەتبار دەزانم

**پەیامنێری ئۆفیسی هەولێری هەفتەنامەكەمان دیدارێكی لەگەڵ هونەرمەند سەلاح نەجمەدین ئەنجام داوە، كە راشكاوانە پەنجەی خستۆتە سەر بەشێك لەو پاشاگەردانیەی كە ئێستا گۆرانی كوردی دووچاری هاتووە. ئێمە بە خۆشحاڵیەوە بە دوو بەش ئەم دیدارە بڵاو دەكەینەوە، هیوادارین كە سوودی لێ ببینن.**



### بەشی یەكەم

پ : بەڕێز مامۆستا سەلاح نەجمەدین گەلێ سوپاس بۆ ئەو دەرفەتەی كە پێتداین تا ئەم وتوویژ و دیدارەمان هەبێ. جەنابت هونەرمەندێكی ناسراوی، بەڵام بۆ نەوەی نوێ باشتر وایە دووبارە خۆت بناسێنی ؟

و : ئەمن سەلاح نەجمەدین ساڵی ١٩٦٠ لە شاری هەولێر لەدایك بوومە و باوكم خەڵكی قادر كەرەمە و لەدێی قەشقە لەدایك بووە و دانیشتووی شاری سلێمانی بووە و دایكیشم خۆشناوەتی شاری هەولێرە. ساڵی ١٩٧٠ پێوەندیم بە تیپی هونەری هەولێر گرت و دەگەڵ هونەرمەندانی گەورە وەك مامۆستایان تاهێر تۆفێق و فوئاد ئەحمەد و تەحسین تەها و رەسووڵ بێزار گەردی و زۆر كەسانی دیكە ئەمن وەك گۆرانیبێژێكی منداڵ و لاو كاری هونەریم كردووە. هونەمەندانی گۆرانیبێژی ئەوكاتی لە تەمەنی منیشدا وەك نیگار محەمەد و هیتلێر غەفوور و دیموقرات تەها و زۆر كەسانی دیكەش كە بەداخەوە ناویانم لەبیر چۆتەوە. ساڵی ١٩٧٨ دەگەڵ هونەمەند رزگار خۆشناو تیپی جازی شیلانم دامەزراند

هەروەها چەند هونەرمەندێك ئەوكات دەگەڵمان بوون گۆرانیبێژ سەلام محەمەد و تاریق خۆشناو و رێبوار مستەفا و پایەدار موحسێن و نیازی محەمەد و عیماد جەمال و نۆڤێر محیەدین و دژوار فەتحوڵا ئەوانە كاریان لەگەڵ مندا كردووە. ساڵی ١٩٨٠ لەتیپی جازی شیلان دابڕام و تیپی جازی ئەژینم دامەزراند، ئەو هونەرمەندانەی ئەوكات دەگەڵم كاریان كرد بژار سەعید و نەوید جەلیل و هیوا جەماڵ و هونەر جەلال و عیماد فواد و مەلایوسف و حەمدی مەییاس و سیرۆب قانون و دانا كە جازلیدەری تیپی كانی بوو دیارە زۆر برادەری دیكەی ئامێرژەنمان دەگەڵ بوون كە ناوەكانیان زۆرن ئەگەر بمەوێت ناوی هەموویان بێنم. دەگەڵ تیپی جازی شیلان یەك كاسێتم تۆماركرد بەڵام دەگەڵ تیپی جازی ئەژین شەش كاسێتم تۆماركرد، كەچی ساڵی ١٩٩٠ لە موسیقا دابڕام هەتا ساڵی ٢٠٠٠.

پ : مامۆستا لە ٢٠٠٠ ەوە هەتا ئێستا ٢٠٠٨ ماوەیەكی زۆرە بۆ ؟

و : بۆیە دابڕام لە هونەر چونكە بەڕاستی كە دەڵێن هونەرمەند واتە زمانی ئەو نەتەوەی كە ئاخافتنی پێدەكا لەسەر شانی هونەرمەندە، یەعنی هونەرمەند زۆر ناسكترە لە شووشەی چرایەك.

هونەرمەند ئەگەر نەتەوەكەی لە ناخۆشیدا بژی چۆن دەتوانێ گۆرانی بڵێ؟ لە ٩٠ەوە هەتا ٢٠٠٠ نەتەوەكەمان لە ناخۆشیدا بوو منیش كە دەمدیت نەتەوەكەم لە بارودۆخەدا دەژین نەمدەتوانی گۆرانی بڵێم ئەوە بوو هۆی دابڕانم لە موسیقا. ساڵی ٢٠٠٠ ئیتر كوردستان بەرەو ئازادی و خۆشی و سەركەوتنێكی گەورەی بەدەسهێنا و بۆیە گەڕامەوە ناو موسیقای جاز و تیپی موسیقای جازم دووبارە دامەزراندەوە بە هاوكاری چەند هاوڕێ كۆنی خۆم و هەروەها چەند لاوێكی بەتوانا .

پ : حەوت كاسێتت تۆماركردووە بەڵام بەداخەوە لە بازاڕدا نین بۆچی ؟

و : لەبازاڕدا هەبوون بەڵام ساڵی ١٩٨٦ كە چوومە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتیی، حزبی بەعس هەموو كاسێتەكانم كە لە بازاڕدا هەبوون رەشی كردنەوە و هیچی نەهێشتن. مامم بەرپرسی لقی چواری پارتی بوو ئەمنیش پێوەندیم پێوە كرد و كە رژێمی بەعس هەستی بە من كرد رامكردە دەرەوە ئەو كارەی كرد .

پ : تۆ خولیای چ دەنگێك بوویت و كاریگەری لەسەرت دانا وا هانیدایت كە بێیتە ناو جیهانی موسیقاوە ؟ ئایا ئەو كاریگەرییە رەنگدانەوەیشی لە بەرهەمەكانتدا هەبوو ؟

و : لە شەستەكانەوە گوێم لە دەنگی هونەرمەندی گەورەی رۆژهەڵاتی كوردستان مامۆستا حەسەن زیرەك دەگرت، بەڕاستی ئەو نەمرە مەدرەسەیەك بوو بۆ من، پاشانیش گوێم لە دەنگی مامۆستای پایەبەرز مەزهەری خالقی بوو و زۆر كاریگەریان لەسەرم بوو هەر بۆیە تاكو هەفتا و هەفتا و هەفتیش گۆرانی ئەوانم بەكار دەهێنا هەتا ساڵی ٧٨ كە تیپی موسیقای شیلانم دامەزراندو فێرگەیەكی تایبەتم بۆ خۆم دروووست كرد، دیارە ئەوان كاریگەری زۆریان لەسەر من كرد، چونكە دەنگ و موسیقایان تام و چێژی موسیقای رەسەنی كوردی پێوە بوو، بەڵام لە گۆرانیەكانم لاسایی ئەوان ناكەمەوە دیارە دەنگی ئەوان كاریگەری خۆیانی داناوە و ئەوە ئێمەین دەبێ هەركام فێرگەیەك بین بۆ خۆمان. هەر هونەرمەندێ دەبێ تایبەتمەندی خۆی هەبێ و فێرگەیەك بۆ خۆی دروست بكا،

و : دیارە پێش من مامۆستا قادر دیلان و مامۆستای شاری هەولێر یوسف باكووری و كەسانی دیكە هەبوون، بەڵام ئەوان بەردەوام نەبوون لەو رێگایە كاسێت و ئەلبۆمیان نەبوو، تەنها چەند گۆرانیەكیان تۆمار كردووە. ئەمن بەڕاستی ئەوەم بەهەلێك زانی كە موسیقا و ئامێری دەرەوە بێنم مەبەستیشم ئەوە بوو بەهۆی ئامێرەكەیانەوە هونەری كوردی بەخەڵكانی دەرەوە بناسێنم. گۆڕانكاریم بەسەر هونەری كوردیدا نەكرد تەنها ئامێرەكەم هێنا و رۆحیەتی موسیقای كوردیم خستە ناوی. ئێستا بە حەقیقەت كە گوێ لە گۆرانیەكانی مامۆستای نەمر حەسەن زیرەك دەگریت هیچكامیان روبعی تێدا نیە ئەوانەی نەبێت كە هاتۆتە كوردستانی عێراق روبعی تێدایە ئەوانەی لە كوردستانی ئێران تۆماری كردوون كەم دەبێتەوە هۆكەیشی لە باری موسیقاوە كە من باسی دەكەم ئەوەیە كە ئێمە پێش لەوەی بڕۆینە ناو هونەر و گۆرانی دەبێ رەسەنێكی خۆمان هەبێت ئەوكات بڕۆینە ناو مەدرەسەی موسیقاوە. كە هاتیتە ناو موسیقاوە و رەسەنی خۆتت لەبیركرد واتە هیچ كارێكت نەكردووە، ئەوكات بۆ هەر وڵاتێك بڕۆی دەبیتە هی ئەوان، دەبێ ئاگاری موسیقای خۆمان بین، مەدرەسەی خۆمان لەبیر نەكەین ئەوكات بێینە ناو موسیقاوە، بەڵام هەنووكە بەداخەوە ئەوە نیە زۆربەی ئەوانەی ئێستاكە دەبنە گۆرانیبێژ ئەو خاڵانانە رەچاو ناكەن. گۆرانیەكانمان ئێستا مۆركی رەسەنی توركیا، یونان و میسری پێوەیە .

پ : باشە هۆی چییە ئەو نەوە نوێیە روویان كردۆتە ئەو ستایلانە؟

و : چونكە بەرپرسێك نیە

## لەباری مۆسیقاوە چەند بەرەوە كۆن دەڕۆین هەست دەكەین كوردین، بەڵام بە پێچەوانەوە چەند بەرەو پێش دەڕۆین لە كوردایەتی كەم دەبێتەوە

نابێ هەمان گۆرانی و رێگەی ئەوان تەقلید بكاتەوە .

پ : كێ پێی گوتی دەنگ خۆشی یا چۆن هەستت كرد دەنگت خۆشە ؟

و : لەشەستەكاندا منداڵ بووم، مامم و خزمانم بانگیان دەكردم دەیانگوت سەلاح گۆرانیمان بۆ بڵێ .

گۆرانی حەسەن زیرەكم بۆ دەگوتن دیارە هەندێ گۆرانی هیندیشم لەبەر بوو. ئەوەی كاری لەسەر كردم پتر ئەو ڕادەربڕینەی دەورووبەرم بوو هەر ئەوانیش هاندەرم بوون. بۆیە منداڵ بووم دەمگوت بڵێی خوێندنی موسیقا هەبێت، ئەوە بوو پاشان چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەكانی بەغدا و ئامێری قانوون كە شەرقییە لێمدەدا كاتێ كە ئیمتحانم دەدا بە شەرقی نەمدەدا بە غەربی لێمدەدا كە مامۆستاكەمان گوتی تۆ قانوونەكەشت لێكردووینەتە غەربی.

پ : باسی موسیقای غەربیت كرد لەو یەكەم هونەمەندانە بووی كە جازت هێناوەتە كوردستانەوە، چ مەبەستێكت لەو نوێكاریە هەبووە و هەیە ؟

هەمووی تەبیعیە بەلای منەوە كورد زۆر دوورە لە موسیقای عەرەبی. بەلای منەوە كورد زۆر دوورە لە موسیقای عەرەبی، موسیقای عەرەبی ٩٩%ی روبعە. كورد چیای هەیە و بڕوا ناكەم روبعی هەبێت بۆیە حەزدەكەم موسیقای عەرەبی بە رێگایەكی راست بڵێمەوە .

پ : باسی گۆرانیەكانی مامۆستا حەسەن زیرەك و موسیقای رەسەنی كوردیت كرد. بەڕاستی بۆ كاتێ گوێ لەدەنگی ئەو نەمرانە ئەگرین تاموچێژی كوردی پێوە دیارە و ئەوەی كە ئەڵێن موسیقا خۆراكی رۆحە، ئەحەسێینەوە بەڵام ئەو نوێیانە ئەو تاموچێژەی نیە ؟

و : هۆی سەرەكی ئەوەیە كە نەوەی نوێ گوێ ناگرنە گۆرانیبێژە كۆنەكان، چونكە گۆرانیبێژە كۆنەكان مەدرەسەیەكی هونەری موسیقای كوردین، ئەوەی ئاماژەت پێكرد بەڕاستی وایە ئێمەی كورد چەند بەرەوە كۆن دەڕۆین هەست دەكەین كوردین، بەڵام ئەوە بەپێچەوانەوە چەند بەرەو پێش دەڕۆین كوردایەتی محاسەبەیان بكات. رژێمی بەعس دوژمنی نەتەوەی كورد بوو، بەڵام لەو سەردەمەدا رەقابە هەبوو، واتە یەكێك گۆرانی بگوتایە یا تێبكۆشایە بۆ گۆرانیبێژیی دەبوایە بەچەند پلە و ئەزموون سەربكەوتایە ئینجا دەبوە گۆرانیبێژ، بەڵام هەنووكە وانیە بەهەقی پارەوە یا بەرپرسێك دەیكاتە گۆرانیبێژ و دیارە مەبەستیش پارە و سەیارە و رابواردن و ناوبانگ دەبێت. ئەوەی كە دەڵێن چەند ئافرەتێكی گۆرانیبێژمان چوونەتە لوبنان و بەغدا و چوونەتە ستران میوزیك و بەعەرەبی گۆرانیان گوتووە دیارە ئەوە بەو مانایە مەبەستیان خزمەت بە گۆرانی و هونەری كوردی نیە و خزمەت بە هونەری عەرەبە، من ئەوان بە تاوانبار نازانم، بەرپرسانمان بە تاوانبار دەزانم. بەرپرسان نابێ بوار بدەن بە ئەوانەی موسیقای عەرەبی یا یونانی و میسری دەهێننە ناو موسیقای كوردیەوە .

**ماویەتی**

---

# نهێنییەكانی بۆن و بەكارهێنانەكانی

بۆن خۆشكردنی لەش و ژینگەی ئادەمیزاد چیرۆكێكی درێژ و پر لە نهێنی یە،مێژووەكەی دەگەرێتەوە بۆ سەرەتاكانی ژیانی ئادەمیزاد.وە لەبەرئە\\وەی ژیانی مرۆڤی چاخە كۆنەكان زۆر لە ژیانی ئاژەڵ دەچوو بە گوێرەی رای هەندێك لە لێكۆڵەر و توێژەرەكانی بواری زانستی كیمیای و دروستكردنی(بۆن)ئەوان زیاتر سودیان لەبۆن بینیوە و چێژیان لێ وەرگرتووە،چونكە زانست سەلماندوویەتی كە هەستی بۆن كردن لە ئاژەڵدا زۆر بەهێزترە وەك لە مرۆڤ...وە رەنگە(ژن)لە پێش پیاوەوە بۆنی بەكارهێنابێ و ناسیبێتەوە هەروەكو چۆن لە پیش پیاوەوە فێری جێنشینی و ماڵداری و ئاژەڵ بەخێوكردن بوو.مێژوو دەڵێ:ژنان بۆ سەرنج راكێشانی پیاوانی خۆیان بن یان پیاوانی دیكە(بۆن)یان وەكو چەكێك بەكارهێناوە و كەوتوونەتە شەر و ململانێ یەكەوە لەگەڵ یەكتر تا بیسەلمێنن كامیان سەرنج راكێش تر و بەجێژترن.بۆیە تائەم سەردەمەی ئێستاش ژنان بە پلەی یەكەم گرنگی بە بۆن دەدەن زیاتر لە جل و بەرگ كاتێ لەگەڵ هاوسەركانیان یان دەستگیرانەكەیان دادەنیشن...ئەمەش مانای ئەوەنی یە ئیتر پیاو ئەوەندە بێ دەسەڵات و چڵكن و بۆن ناخۆش بێ و ئەو لایەنە پشت گوێ بخات بەڵام وەكو ژن نەیكردووە بەهۆیەكی سەرەكی لە جوانكاری كەسێتی و خۆش گوزەرانی ژنەكەیدا،تەنیا لەسەردەمی (ڤۆلتێر)ی فەرەن\\سیدا نەبێ پیاوان زۆر گرینگیان پێ داوە ئیتر لەوەبەدواوە بۆن لەلای پیاو پلەی یەك نەبووە.زاناكانی (بۆن ناسی)وای بۆ دەچن هەموو بۆنێك بۆ هەموو كەسێك نابێ و ناگونجێ،چونكە لە رووی بایۆلۆجی یەوە پێكهاتەی پێستی مرۆڤەكان جیاوازیان هەیە لە رەنگ و ئەستووری و كونەكانی پێست و دەرهاویشتەكانی لەش لەو كونانەوە،تەنانەت هەستی بۆنكردنەكانیشیان جیاوازە،خەڵك هەیە دەرهاویشتەكانی لەشی بۆنێكی زۆر ناخۆشی هەیە بۆیە پێویست دەكات بچێتە لای پزیشكی پسپۆر هەتا چارەسەر و بۆنی تایبەتی بۆ بن باڵ و پێ یەكان و شوێنە هەستیارەكانی دیاری بكات،خەڵكیش هەیە بە چەندین رۆژ خۆی نەشوات كەمترین بۆنی ناخۆشی لێ نایەت،..هەندێ بۆن هەیە(حەساسیەت)لە هەندێ مرۆڤ دروست دەكەن هەندێكی دیكە وانین.كەواتە بە شێوەیەكی گشتی بۆنیش دنیایەكی تایبەت و سەیر و سەمەرەیە بۆیە هەرلەكۆنەوە گەلانی دنیا گرنگیان پێداوە.دەڵێن (ست زوبێدە)كە ژنی هارونە رەشید بووە پێی خۆش بووە كاتێ لەگەڵ ژنە وەزیر و میوانەكانیدا دادەنیشت ملوانكەی(میسك)بگرێت بە دەستیەوە،نەتەوە رەش پێشتەكانی باشوری ئاسیا و بەشێك لە چین زۆر رقیان لە بۆنی سپی پێستەكانە،چونكە وەكو زانست سەلماندوویەتی كونەكانی پێست و دەرهاویشتەكانیان لە نێوان ئەو دوو جۆرەی پێستدا جیاوازە لە رووی پێك هاتە و بۆنەوە،هەر بۆیە دەبێ لە كاتی بۆنخۆش كردندا بۆنەكانیشیان جیاواز بێ.ئێستا پیشەسازی بۆن دروستكردن لە دنیادا بە شێوەیەك گەشەی كردووە و پێشكەوتووە شان لەشانی




پیشەسازی بوارەكانی دیكەی ژیان دەدات،بۆن لە كەرەستەكانی ریش تاشین و لەناو(مۆم)و لەگەڵ قوماش و لەگەڵ خواردەمەنیەكان و تەنانەت لەگەڵ دەستەسرو كەرەستەكانی خۆشۆرین و سەرئاویشدا بەكاردەهێندرێ.فەرەنسا كە یەكەم دەوڵتی دروستكەری(بۆنی ژنان)ە و بەریتانیاش بەبۆنی پیاوان ناسراون جۆرەها داهێنانی تازەیان لەو بوارەدا كردووە،ئەوان بیریان لەوە كردوەتەوە كە ئەو جیاوازی بۆنە نەهێڵن لە نێوان گولێك كە بەقەد رووەكەكەوەیە لەگەڵ گوڵ كاتێ لە دار دەكرێتەوە بۆ ئەوەی بۆنەكەی وەك خۆی بگات بە مرۆڤەكان،تەنانەت بیریان لەوە كردۆتەوە جۆرە بۆنێك بۆ تابلۆ و دیمەنە وێنەییەكان و گوڵە دەستكردەكان دروستكەن كە هەمیشە بۆنی سروشتی لێ بێت لەماڵ وشوێنە گشتیەكاندا.ئەمرۆ وڵاتان و گەلانی دنیا جیاوازییان زۆریان هەیە لەرووی بەكارهێنانی بۆنەوە هەر بۆیە لە وڵاتێكی گەورەی وەكو ئەمەریكا بۆن بەشتێكی (كەماڵ)ی دەزانن و بەناوبانگ نین لەو بوارەدا.كەچی لە هەندێ وڵاتی دیكەدا گرنگی زۆری پێ دەدرێ و بەهۆیەكی ئارام كەرەوەی مێشك و دەروون دادەندرێت.ئایینی ئیسلامیش گرنگی بەبۆن خۆشكردن داوە بەڵام بەبێ ی سنور و شوێن و كاتی خۆی.كەواتە بۆن و بۆن خۆشی نهێنی زۆر و چیرۆكی زۆریشی تیایە پێویست دەكات گرنگی پێ بدرێ.

**نەسرین كەریم**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com